HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هێلین

ئافرەت، لە ئابوری سەربەخۆوە بۆ سەربەخۆیی کەسێتی

د.ڤیان سلێمان

لە نێوان داهاتی سەربەخۆ و سەربەخۆیی تاک پەیوەندییەکی هاوتەریب هەیە، چەند مرۆڤ خاوەن داهاتی سەربەخۆ بێت بەو ئاستە لە پاشکۆیی و پابەندی کەسانی دیکە و سەربەخۆیی خودی نزیک دەبێتەوە، بە درێژایی مێژوو ئابوری ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەبووە لە بەخشینی پێگە و دەسەڵات بە مرۆڤ و هەر سەرەتای دروستبوونی ناهاوسەنگی و نایەکسانی لە نێوان مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە بۆ بارگۆڕانی کۆمەڵگەی مرۆیی لە ئەنجامی هاتنەکایەی خاوەنداری تایبەت و دەستگرتنی پیاو بەسەر سەرچاوەکانی سامان و بەرهەمهێنان، هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی کە تاکە فاکتەر نییە، بەڵام ئابوری ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی لە گۆڕینی بارودۆخی ئافرەت لە پاشکۆیی و پلەدووییەوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، هەیە.

کاتێک ئافرەت خاوەن داهاتی سەربەخۆ بێ و وابەستەی پیاو نەبێ لە دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان، ئەوا لە ئاست پێشێلکردنی مافەکانی بێدەنگ نابێ، بەڵام دەسکەوتنی داهات و گەیشتن بە ئابوری سەربەخۆ ڕێوشوێنی خۆی هەیە و پێویستی بە توانا و ئیرادە، دەرفەت و زەمینە هەیە. دابەشکردنی ڕەگەزیانەی کار و پۆڵێنکردنی جۆری کار لە نێوان ئافرەت و پیاو بەپێی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان؛ یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان و ئاستەنگێکی سەرەکییە لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابوری خێزان و کۆمەڵگە، ئەم بارودۆخە لە کوردستانیش بەرچاوە، سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکان و گۆڕانکاری بە ئاڕاستەی کرانەوەی کۆمەڵایەتی، بەڵام تا ئێستاش بازاڕی کار بە شێوەیەکی بەرچاو سیمایەکی پیاوانەی هەیە و ئامادەیی ئافرەت لە بازاڕی کاردا جێی دڵخۆشی نییە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی لاوازی باری ئابوری ئافرەت و وابەستەیی ئافرەتە بە پیاو لە ڕووی ئابوری، کە ئەوەش کاریگەری تەواوی لەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیانی ئافرەت دەبێت.

بەڵگەنەویستە، کە ئافرەتی هۆشیار هەرگیز ڕازی نییە بەوەی لەڕووی ئابورییەوە بە پیاو وابەستە بێ، نزمی ئاستی بەشداری ئافرەت لە هێزی کاردا بە واتای ئەوە نییە، کە خودی ئافرەت مەیلی کارکردنی نەبێ و ویستی بەدەستهێنانی ئابوری سەربەخۆی نەبێ، بەڵام ئافرەت ڕووبەڕووە لەگەڵ دەیان ئاستەنگ و گیروگرفت، لەهەمووی گەورەتر: ڕێگری خێزانی و داب و نەریت و دابەشکردنی ڕەگەزیانەی کار یان جیاکاری لە بوار و پانتایی ڕۆڵی هەردوو ڕەگەز، ئەمە سەرباری کەمی دەرفەتی کار و نەبوونی متمانە بە کەرتی تایبەت. تا ئەوکاتەی جیاکاری لە پیشەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز بکرێت و هەندێک بواری کار بۆ ڕەگەزێک قۆرغ بکرێت، یەکسانی جێندەری و کاری ئافرەت لە هەندێک بوار بە نامۆ و جێی سەرنج بزانرێت، ئەوا، ئێمە لە قۆناخی دابەشکاری ڕەگەزیانەی کارین، نەک جێندەریانەی کار، ئەوا ئافرەت لەگەڵ چوونە دەرەوەی بۆ بازاڕی کار ڕووبەڕووە لەگەڵ چەندین ئاستەنگی کۆمەڵایەتی و خێزانی.

> کاتێک ئافرەت خاوەن داهاتی سەربەخۆ بێ و وابەستەی پیاو نەبێ لە دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان، ئەوا لە ئاست پێشێلکردنی مافەکانی بێدەنگ نابێ، بەڵام دەسکەوتنی داهات و گەیشتن بە ئابوری سەربەخۆ ڕێوشوێنی خۆی هەیە و پێویستی بە توانا و ئیرادە، دەرفەت و زەمینە هەیە

مانەوەی وابەستەیی ئافرەت بە پیاو لەڕووی ئابورییەوە؛ ئەوان لە دۆخی پاشکۆیی و پلەدوویيدا دەهێڵێتەوە و ڕێگەی سەربەخۆبوونیان بۆ مەحاڵ دەکات، ڕەچاوکردنی هەندێک بەها و نەریتی دواکەوتوو لە چوارچێوەی ماڵ دەیانهێڵێتەوە و دەرفەتی گەشەسەندنی توانا و لێزانییەکانیان لێدەگرێت، هەربۆیە هیچ ڕێگایەکی دیکە لە پێش ئێمەی ئافرەت نییە، جگە لە گرتنەبەری هەنگاوی بوێرانە و شکاندنی ئاستەنگەکانی داب و نەریت، هۆشیاربوون لە گرنگی هەبوونی داهاتی سەربەخۆ وەک بناغەیەک بۆ ئازدی و ڕزگاربوون لە پاشکۆیی و وابەستەیی، بەڵام وەک وتمان ئەم پرسە پەیوەندی بە کۆمەڵگە و تێگەیشتنی کۆمەڵگە بۆ ڕۆڵ و کاری هەردوو ڕەگەز هاوکات بوونی پلان لەلایەن حکومەت و کەرتی تایبەت هەیە.

پرسی بەشداری ئافرەت لە بازاڕی کار و سێکتەرەکانی ژیان پیویستییەکی ستراتیژییە و یەکێکە لە پێوەرەکانی گەشەسەندن، هەرێمی کوردستان خاوەن سەرمایەی مرۆیی و سروشتییە و بە کۆمەڵگەیەکی گەنج ناسراوە، هاوکات بەپێی ئامارەکان لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا و بوونی (١٤) زانکۆی حکومی و دەیان زانکۆی ئەهلی ڕێژەی قوتابی کچ و کوڕ لە زانکۆکاندا یەکسانە، ئەم ڕێژە زۆرەی قوتابی کچ لە زانکۆکان دەکرێ وەبەرهێنان لە تواناکانیان بکرێ و تێکەڵی بازاڕی کار بکرێن، بەوپێیەش، بازاری کار سیمایەکی شارستانیانە و یەکسانی هەبێت و ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیانی کچیش گیرۆدەی مانەوە لە چواردیواری ماڵ و پاشکۆیەتی ئابوری پیاو نەبنەوە، بەو شێوەیەش کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتوویی ئاڕاستە دەگرێ.

کچەکا دهوکێ باوەرناما بالیوزا ئاشتیێ وەرگرت



دەم بو دەمی ئافرەت پتر رژدبیت لسەر پێشڤەچونا ئاشتیێ خوەییێ زانستی و پێگەهاندنێ دبوارێن پشکەفتنێ دا

لڤێ جارێ ژی کچەکا پارێزگەها دهوکێ بو بەلاڤوکا هێلین لدوور وەرگرتنا باوەرناما خوە یا بالیوزیا ئاشتیێ بڤی رەنگی دەتە دیارکرن ودبێژیت: ئەز هەژین فتاح ــم دەرچوویا پەیوەندییێن نیڤدەولەتی و دبلوماسی و بەردەوامم د بسپوریا روژنامەڤان و چالاکڤانا جڤاکێ مەدەنی دا و سەرەرای چەندین سالان دگەل رێکخراوێن جڤاکێ سڤیل ب خوبەخش کارکریە و زێدەتری ١٠ سالە کارێ روژنامەڤانی و میدیایێ دکەت. هەر ژبەر ڤی رولێ بەردەوام هەژین دبێژیت:

ژ ئەنجامێ رولێ من یێ زێدە د کار و چالاکیان دا د جڤاکی دا هاتمە کاندیدکرن ژلایێ رێکخراوا هێتما کو ١٢٥٠٠٠ هزار کەسان مفا ژ کارێ رێکخراوێ وەرگرتیە د وارێ تەندروستی و گەشەپێدان و پێداویستییێن سەرەتایی و هاریکاریا کێم ئەندامان و زێدەباری ئەنجامدانا چالاکیێن جورا و جور، ئەڤ باوەرنامە ب پێ هاتە دان ژ ئالیێ دکتور سانتوش کومار سەروکێ رێکخراوا جیهانی یا بناڤێ منتدی ئەدەبی کو کەسێن بەشدار لسەر ئاستێ جیهانێ ل گەلەک دەولەتان هەنە، هەر لدور وەرگرتنا ڤێباوەرنامێ دبێژیت: مخابن کەس هەنە باوەرناما بالیوزێ ئاشتیێ وەرگرتینە بەس ب خرابی کارێ خو برێڤەدبەن، ئەم ملەتێ کورد دهێینە نیاسین ملەتەکێ ئاشتیخوازین، نە ملەتەکێ خوینمێژین مافێ مە یە کو ئەم پتر ل سەر ڤێ یەکێ براوەستین و خزمەتا وەلاتێ خوە بکەین.

(بالیوزا ئاشتیێ)ئەڤ ناسناڤە واتە کەسەک ئاشتیخوازە لسەر ئاشتی و پێکڤە ژیانێ و مافێ مروڤان و ل سەر خزمەتا مروڤایەتییێ کاردکەت هاریکاریا کەسێن نەخوش و پەنابەر و لسە ملەتێ خو کاردکەت هزرێن ئاشتیێ دناڤ ملەتێ خۆ دا بەلاڤدکەتن، یا گرنگە زێدەکرنا هوشیارکرن و چالاککرن و هاریکاریا مروڤایەتیێ و بیرئانینا تاکەکەس یا مروڤایەتیێ ل بازنەیێ جورا و جور، گرنگیا رێزگرتن و رێکەفتنا نیڤدەولەتی و بلندکرنا ئاستێ هشیاری و بەرفرەهکرنا شیانێت دەولەتا دا کو بەرەڤانیێ ل روویدانێت سروشتی بکەن، رولێ رێکخراوان بو بەرسڤدانا ئەزەماتێن مروڤایەتیێ

یێن کۆ لسەر ئاشتیێ کاردکەن دوو بەش هەنە بەشەکێ ئینترنێتێ و بەشەک ل سەر ئەردی یە کو ئارمانج ژێ دهەردوو ئالیاندا خزمەتێ بکەن چ دناڤا کەمپاندا ب پێشکێشکرنا هەمی جورێن هاریکاریان و ل بەشێ بەلاڤکرنا هزر و باوەری لسەر ئینترنێتێ یە و بەشەکێ گەلەک گرنگە.

ل داوییێ ژی هەژین خانێ گوت: من دڤێت بێژم هەر کەسێ د بوارێ خۆ دا کاردکەت د وی کاریدا ب ئاشتی برێبکەت و کەسەکێ ئاشتیخواز بیت.

رێژین نهێلی

شۆخان ڕۆستەم

ئافرەتان و توندوتیژی ئابووری

سـنوردارکردن یاخودتوندوتیـژی ئابووری یەکێکە لەگۆشە شـاراوەکان یان کەمترناسراوی توندوتیژی دژی ئافرەتـان، وێرای ئەوەی کەبارێکی قورسـی خێزانیان لەسەرشانە،بەڵام لەماف و امتیازی ماددی بێ بەشن.

توندوتیـژی ئابـوری دژی ئافرەتان لەناو خێزان بەتایبـەت نێوان ژن و مێـرد دەتوانم بڵێم یەکێکە لەبەربڵاوترین جۆرەکانی توندوتیژی ئابووری، دەبێتە هۆی ئـەوەی کەئافرەتەکە متمانە بەخۆبوونی کەم ببێتەوەو ببێت بەقوربانی، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی کە ئەم جـۆرە توندوتیژییە کاریگەری خراپیشـی بۆسەر پیاوان هەیە،چونکە لەم حاڵەتەدا فشارێکی زۆرتر دەکەوێتە ئەسـتۆی پیاوان بۆ ئەوەی خێزان بەڕێوە ببـەن و پێداویسـتیە ماددیەکانیان دابین بکەن،ئەمەش دەبێتە هـۆی ئەوەی کاتێکی کەمتر بە خانەوادەکەی ببەخشـێت و کاریگەری نێگەتیڤ (سلبی)دەخاتە سەر ئەندامانی خێزان.

هەرچەنـدە دەتوانیـن بڵێیـن لەچەند سـاڵی ڕابـردوودا کارکردنـی ئافرەتـان بەشـێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە،وبەڵام لەکاتی کارکردنیشـدا ڕووبـەرووی توندوتیژی ئابـووری دەبنەوە لەلایەن خـاوەن کارەوە بەهـۆی پێدانـی بڕێکـی کەم لە مووچەو زۆری کاتژمێری کارکردن،بوونی کۆمەڵێک مـەرج کە هیچ مافێـک بەئافرەتەکە نـادات ئەمە هەتا ئەو ئافرەتانەش دەگرێتەوە کە خاوەن پیشـە و زیرەکیەکـی زۆرن، وایکـردووە کەبچن لەماڵەوە دانیشن.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نەک تەنها نەبونی کار یان نەبونی یەکسـانی دادپەروەری لەکارەکان یەکێکـە لەتوندوتیژیەکانـی ئابـووری، بەڵکـو جۆری کارو ڕێـژەی داهاتەکـەی و ئیمتیازەکەش خـۆی یەکێکـە لەجیاوازیـەکان و دەچێتە قاڵبی توندوتیژییـەوە، هەرچەنـدە ئافرەتانـی زۆر هەن بەهـۆی قەیرانی داراییەوە ناچـارن بە بڕێکی کەم کاتێکـی زۆر کاربکـەن بەبێ بوونـی هیچ ماف و ئیمتیازو بیمەیەک، نمونەش بۆ ئەم جۆرە ئافرەتانی بێ سەرپەرشت یاخود ئەو ئافرەتانەی سەرپەرشتی خێزان لەئەستۆیاندایە.

ڕەفتاری توندوتیژی ئابووری وەکو کۆنترۆڵکردنی جزدانـی ئافـرەت و دابین نەکردنـی خەرجی بە ئافرەتەکـە و ڕێگەگرتـن لەکارکردنـی ئافـرەت، بەمـەش زیاتر وا دەکات ئافرەتەکە وابەسـتە بێت بە پیاوەوە، وە ئەم جۆرە ئافرەتانەی کە کارناکەن و سـەربەخۆی ئابوریان نیە ناچارن کە تەحەمولی ڕەفتاری توندوتیژی پیاوان بکەن، هەر بۆیە زۆرێک لەفێمنیزمـەکان کارکردنی ئافرەت و سـەربەخۆی ئابووری ئافرەتـان بەهۆکارێک دادەنێن بۆرزگاربون لەرەفتاری توندوتیـژی، زۆربـەی لێکۆلینەوەکان کە لەم بارەوە ئەنجـام دراون دەرکەوتووە کە ئەو وڵاتانەی کە ئافرەتان بەشێوەیەکی بەرچاو خاوەنی کاری خۆیانـن و سـەربەخۆی ئابووریـان هەیە، توانیویانە کەسـایەتیەکی بەهێز لەخۆیاندا دروست بکـەن، وە توندوتیژی کەمتـرە بەرامبەریان، واتا یەکێک لەگۆڕانکارییە سـەرەکییەکان کە کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی هەیە، سەربەخۆی ئابووری ئافرەتانە.

مەردی و لێهاتووی ئافرەتی کورد لەکەدارمەکەن

نیان ئەحمەد

> ناکرێت بەهۆی چەند ئافرەتێک ناوی ئافرەتی کورد لەکەدار بکرێت، ئەوانە خڵتەی کۆمەڵگان چەند ئافرەتێکی ساویلکە وهەڵخەڵەتاو و ناهۆشیارو ناڕۆشنبیرن،ئەگەرنا بۆ وا بەئاسانی دەکەونە ڕاوی پیاوانی پارەدارو بزنس و سۆشیال میدیاو ڕاگەیاندنەکانەوە، کۆمەڵگەی کوردی پێ ناشرین دەکرێت

نزیکـی مانگی سـێ، ڕۆژی ئافرەتانی جیهان ٨ی مـارس دەبینـەوە وەک نەریتی سـاڵانە ڕێکخراوەکانـی ئافرەتان و ژنـان ئامادەکاری دەکـەن بۆ ئـەم ڕۆژە بەچەنـد چالاکیەک کە خزمەت بە ئافرەتانی کوردسـتان بگەیەنێ بە بێ جیاوازی لەگەڵ پێکهاتەکانی کوردستان.

ئەگـەر بـەراورد بکرێـت لەگـەڵ عێراق و وڵاتانی دەوروبەر ڕەوشی ئافرەتانی کوردستان زۆر باشترو پێشـکەوتووترە لەچاو ئافرەتانی دیکەی ئـەو وڵاتانە. لەکوردسـتان مافەکانی ئافرەتان لەیاساکان جێگیرکراوە ئەو یاسایانەی تایبەتبوون بە باری کەسێتی گۆڕانکاری تێدا کرا لەبەرژەوەندی ژنانی کوردستان، بەڵام هێشتا لە تموحی ئێمەدا نیە،ئەرکی ئافرەت زۆر قورسـە بەتایبەتـی ئەگەر ئافرەتێکـی بەرێگەو پێگە بیـت، هەموو چاوەکان لەسـەری دەبێت، ئەم چەند ڕۆژە میدیاو سۆشیال میدیا سەرقاڵکراوە بە باس و خواسـی کۆمەڵێک ئافرەتی مۆدێل (فاشـن) کاتێـک تەکنەلۆژیـا کاریگەربـوو بەسەرپێشـکەوتن و بیرکردنـەوەی هەمـوو مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی ئیتر دەبێت چاوەڕێی هەمـوو گۆڕانکاریەک بکرێت لـە کۆمەڵگە لە هەموو کایەکانی ژیان، بەڵام بەپێی کۆمەڵگاکان دابەش دەکرێت، کۆمەڵگای پێشـکەوتوو چۆن مامەڵەی پێدەکات بۆ کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی جیهانی سـێەم بەرکاهێنانـی دەگۆڕدێت چۆن چی بەکاردەهێنرێت.

بێگومان کۆمەڵگای کوردیش بەدەرنییە لەو تیژڕەویەی تەکنەلۆژیـا، ئەو ئامێرانەو بینینی کۆڕانگاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشـنبیری و هونەری هەرهەموویان بە هۆی تەکنەلۆژیاوە هەموو جیهانـی پێکەوە بەسـتووەتەوە وەک کاری بزنسـی لێهاتـووە هەمـوو جیهانی لە تۆڕێکـدا کۆکردوەتەوە بـووە بەگوندێک، هەر بۆیە کۆمەڵگەی کوردیش زۆر تا کەم سـودمان لێبینـووە، بـەڵام بەداخەوە لایەنـی نەرێنی زاڵترە بەسەر لایەنە ئەرێنی و بەنەزانینی سود وەرگرتنمان لـەم تۆڕە بەخراپ شـکاوەتەوە بەسەر کۆمەڵگاکەماندا. ئەوەی زۆر بەربڵاوە و هەستی پێدەکەین تەکنەلۆژیا هۆکاری سەرەکیە کـە ئافرەتی کورد کراوە بـەکاڵا، هەرلایەنێک بەپێی خواستی خۆی سود لە کۆمەڵێک ئافرەت وەردەگرێت، لە لایەک دەکرێن بە مۆدیل لەلایەکی تـرەوە دەکرێنە ریکلامـی بازرگانی بۆ برنج و بەهارەت، دەکرێن بە ئەستێرەی سۆشیال میدیا و کەناڵـەکان، دەکرێنە کەسـێکی دیار لەناو حزب و دەسەڵاتەکان، لایەنێکی دیکە دەرفەت لەم وەزعە وەردەگرێت حیجابیان لەسەردەنێن، ئەمـە هەمـووی دەگەڕێتـەوە بۆ شکسـتی پەروەردەی خێزان و پـەروەردە تێیدا غائیبە، کۆمەڵگەکەمان بەئاراسـتەی هەڵوەشـاوەیی و پـەرت و پارچـە پارچە ڕێچکـەی گرتووە، هەریەکە و بەلایەکدا پەل دەهاوێ، مەبەستەکە ئەوەیـە لە ئافرەتی کورد بدرێت ئەم ئافرەتانە

نموونەی ئافرەتی کورد نین ونابێت، بەسـەدان ئافرەتی خوێندەوارو ڕۆشنبیرو خاوەن بڕوانامەو زمانزان و ڕوناکبیر وچالاکمان هەیە،ناکرێت ئەم خڵتە کەمە هەموو کچـان و ژنانی کوردی پێ بشـوپهێنن. ئافرەتی کورد بوێرن، چاونەترس بەشەهامەت و خەباتکارن، شێرە ژنن وهاوکارو خۆبەخشن بۆ کۆمەڵگاو خێزانەکانیان لەهەموو شـۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتـدا ئافرەتی کورد پشکی شـێری بەرکەوتووە لە مەیدان بووە بە بێ جیاوازی شانبەشـانی پیاوەکان ڕۆڵی خۆی بینووە، ناکرێت بەهۆی چەند ئافرەتێک ناوی ئافرەتی کورد لەکـەدار بکرێت، ئەوانە خڵتەی کۆمەڵگان چەند ئافرەتێکی ساویلکە وهەڵخەڵەتاو و ناهۆشیارو ناڕۆشنبیرن،ئەگەرنا بۆ وا بەئاسانی دەکەونە ڕاوی پیاوانی پارەدارو بزنس و سۆشـیال میدیاو ڕاگەیاندنەکانەوە، کۆمەڵگەی کوردی پێ ناشرین دەکرێت.

لەڕێگەی ئەم نوسـینە بـە ڕێکخراوەکانی ئافرەتـان و ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنـی کە داکۆکی لـە مافەکانی ئافرەتان دەکـەن تکایە سـنورێک بۆ ئـەم حاڵەتانە دابنرێـت تـا نەبـووە بەدیاردە، هەسـت دەکرێت بـە بەرنامـە و پیلاندانانی هەندێ ووڵاتانی دەوروبەر دەیانـەوێ پیرۆزییەکانی ناوکۆمەڵگەی کوردی بشـێوێنن و لەکەداری بکـەن، ئینتمـا بۆ یاسـاو ڕێسـاو نەریتە کوردەوارییەکان نەمێنێت و لەناو بچێت، باشە ئەم هەمـوو مۆدێلەمان بۆچییـە لەکاتێکدا نەمارکـە و براندمـان هەیـە نەکۆمپانیـای دیزاینەری کوردسـتانیمان هەیە، هەیە و نیە ئەو جلە تورکیانەیە کە هاوردەی کوردسـتان دەکرێـت ئەویش ئەو بوکانـەی جامخانەکان بەسەو زیادیشە.

فێربوونی زمانی دایك لای منداڵ

سۆزان محەمەد

خێزان یەکەمیـن فێرگەی منداڵە لەهەموو بوارەکاندا، گرنگیدان بەشێوەی پەروەردە و ئاستی ڕۆشنبیری دایک و باوک ڕۆڵێکی گرنـگ دەبینێ لە ئاسـت و دەوڵەمەندی زمانی منـداڵ. زۆر جـار دەوترێت منداڵ خۆرسـکانە فێـری زمان دەبێـت ئیدی هەوڵدانـی بۆ چییە، ئەم بۆچونە راسـتە منداڵ تەنیا لـە ڕێگەی گوێگرتنەوە فێری دەیان و سـەدان وشـە دەبێت، بەڵام ئەو وشـانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا فێری دەبێت، ئەو وشـانە لە داهاتوودا نابێتە بنچینەی قووڵکردنەوەی زانیاری ئەو منداڵە. منداڵ پێویستی بە گەلێ وشەی زیاتر دەبێت کە ڕۆژانـە بەکارناهێندرێـن، تەنیا لە ڕێگەی میدیا و بڵاوکراوە و کتێبەوە فێری دەبێت.

ئامادەیی دایک و باوک بۆ ڕەخساندنی پێداویستییەکانی گەشەی زمان، هەنگاوی یەکەمە بـۆ فێربوونی زمانێکی دەوڵەمەند کە بنەمای دروسـتبوونی کەسایەتییەکی بەهێزی ئەو منداڵەیە. بەپێی شـارەزایان و لێکۆڵەرەوانی زمـان، منداڵ تا تەمەنی قوتابخانـە دەبێـت حەوت هەزار وشـە بزانێـت و فێریان ببێت و هەر سـاڵێکی قوتابخانە زیاتر لە هەزار وشە فێر دەبێت. لـەو باوەڕەداین کە منداڵانـی ئێمە کاتێ دەسـت دەکەن بە قوتابخانە ژمارەی ئەو وشانەی دەیزانن گەلێ لەوە کەمترە. منداڵ پێـش تەمەنی قوتابخانە لـە ڕێگەی ئەم سەرچاوانەوە فێری زمان دەبێت:

- قسەکردن لەگەڵ منداڵ و خوێندنەوەی چیرۆک و کتێب و گۆڤاری منداڵان.
- گوێگرتن لە بەرنامەی ڕادیۆ، چیرۆکی تۆمارکـراو لەسـەر کاسـێت و سـیدی، تەماشاکردنی بەرنامەی تەلەڤزیۆن و یاری تایبەتی منداڵان لە کۆمپیوتەر.
- تێکەڵکردنـی منـداڵ بـە ژیانـی کۆمەڵایەتی، گەڕانی منداڵ و سەردانی ئەو شـوێنانەی کە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان دەکەوێتە ئەستۆ، سـەردانی مۆزەخانە و شوێنە مێژووییەکان.
- ڕۆڵی پەروەردەیی باخچەی ساوایان و شـارەزایی مامۆستایان لە فێرکردنی زمان لای منـداڵ، کارکردنێکی پـلان دارێژراو بۆ فراوانکردنی شـارەزایی منداڵ لە بوارە جیاوازەکاندا.

ئەگەر بە وردی سـەرنجی هەریەک لەو خاڵانـە بدەین، دەبینین کـە ئەنجامدان و پەیڕەیکردنی هەریەک لەو خاڵانە دەکەوێتە ئەسـتۆی تـەواوی کۆمەڵگە نـەک تەنها خێزان، ئەو خاڵانـەی ئاماژەمان پێکردن فاکتـەری سـەرەکین بـۆ فێربونی زمان و زانیـاری چونکـە منالّ لـە کۆمەڵگەی ئێمـەدا پێش ئـەوەی بچێتـە قوتابخانە فێـری ناوی وەرزەکانی سـاڵ نابێت، یان شـارەزای لەسەر ژینگە و سروشت نابێت، هەروەها فێری ناوی رۆژەکانی هەفتە نابێت و تەواوی زانیاری و نـاوی کەلوپەلەکانی دەوروبـەری تەنانەت تـەواوی ئەندامانی جەسـتەی نازانێت، بۆیە ڕێگەی فێربونی زمان و قسـەکردن ڕێگـەی جۆراوجۆری هەیە کە منالّ لەوێوە فێری هەموبابەتێک دەبێت.

کاریگەریی ئامرازەکانی راگەیاندن لەسەر تاكو کۆمەڵگە

تانیا عەلی

ئامرازەکانی راگەیاندن بە ئامرازە باوەکانی وەک رۆژنامە و تەلەڤزیۆن و رادیۆ، بە ئامرازە نوێیەکانیشەوە وەک رۆژنامەی ئەلەکترۆنی و سایتە هەواڵییەکان و ماڵپەڕە زانیارییەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت و ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تویتەرو فەیسبووک، کە ئێستا لە جیهاندا خێراترین ئامرازی گواستنەوەو گەیاندنی هەواڵنو بە ناوبانگن، هەموو ئەمانە کاریگەریی گەورەیان هەیە لەسەر پێکهاتنو گەلاڵە بوونی هۆشیاریو مەعریفەی تاكو کۆمەڵگەش، دروستبوونی ئەم هەستی پەی پێبردن و هۆشیارییەش یارمەتیدەرە لە دروستبوونی تێڕوانینی تاک و کۆمەڵگە بەرامبەر بە کێشە و بابەتەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیان و وایان لێدەکات توانایان هەبێت شیکردنەوە بۆ بابەتەکان بکەنو لێی تێبگەنو هەڵوێستو رەفتاری گونجاو بەرامبەر بەو بابەتانە بنوێنن، کەواتە ئامرازەکانی راگەیاندن لە توانایاندا هەیە رەفتارو هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە بگۆڕن.

لەوانەیە ئامرازەکانی راگەیاندن هەندێک زۆر بەهێز بنو توانای ئەوەیان هەبێت جۆرو شێوازێک لە رەفتارو رۆشنبیری بڵاو بکەنەوە کە تاکو کۆمەڵگە پەیڕەوی بکەن، هەندێک جاریش لاواز بن و کاریگەرییان کەمتر بێت، ئەو کاتەش تاک و کۆمەڵگە دەتوانێت لەو شێوازی رەفتارو رۆشنبیریی و هزرو سیاسەتەی راگەیاندنەکان نەخشیان کێشاوە دەرچن، ئەویش پەیوەستە بەوەی وەرگر تا چەند حەز دەکات و ئامادەیی تێدایە پەیام و زانیارییە بڵاوکراوەکان لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە وەربگرێت، چونکە هەر کاتێک وەرگر حەزو خولیای بۆ زانین لە بارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە هەبوو، روو دەکاتە ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ تێر کردنی حەزی زانینەکەی، ئەمەش بە تیۆری بەرکەوتنی هەڵبژاردن، یان بەرکەوتنی دەستنیشان کردن بەناوبانگە، واتە تاک یان وەرگر هەمیشە لە ئامرازەکانی راگەیاندندا بۆ ئەو زانیاریانە دەگەڕێ کە لەگەڵ بیرو بۆچوونی خۆیدا دەگونجێت، جا ئەوەی بۆی دەگەڕێ لە فیلمێکی سینەماییدا بێت، یان گۆرانییەک، یاخود ڤیدیۆ کلیپێک، بەدوایدا دەگەڕێو دەیبینێتەوەو حەزەکانی خۆی پێ تێر دەکات.

بەڵام ئەو بیرۆکەیەی کە گوایە ئامرازەکانی راگەیاندن هەرچییەک پێشکەش دەکات باشە، سەرپاکی راست نییە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕانی بواری راگەیاندنو کۆمۆنیکەیشن جەخت لەوە دەکەنەوە، کە زۆر وڵاتو رژێمی سیاسی هەن هەوڵ دەدەن ئامرازەکانی راگەیاندن کۆنترۆڵ بکەن بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەو ئامرازانەوە بیرو بۆچوونی ئەوتۆ بڵاو بکەنەوە بە مەبەستی دروست کردنی کاریگەریی لەسەر جەماوەر بە قازانجی خۆیان، هەندێک جار رەنگە ئەو بیروبۆچوونانە بە ئاراستەی شێواندنی یەکریزی کۆمەڵگەو دابەش کردنی بێت سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو.

هەندێک لێکۆڵینەوە هەن جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەو کەسانەی زۆر سەیری تەلەڤزیۆن ناکەن، سەرچاوەی جۆراوجۆریان هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاریی، ئەوانەش کە زۆر سەیری تەلەڤزیۆن دەکەن، سەرچاوەی زانیارییان سنووردارە، پشت بەستنیش بە تەلەڤزیۆن بەتەنها یان تاکە سەرچاوەیەک بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی کارێکی راست نییە بۆ ئەوەی وەرگر تێڕوانێکی فراوانو فرە رەهەندی هەبێت، چونکە خوێندنەوەو ئاگادار بوون لە باگراوەندی رووداوەکان بۆ بنیاتنانی هزرێکی فرەڕەهەندو لە هەمان کاتیشدا وا دەکات وەرگر لەوە تێبگات کە راگەیاندن سەری لێ دەشێوێنێتو بە قازانجی دەوڵەتو رژێمی سیاسی یان ئەو کەسانەی راگەیاندنیان کۆنترۆڵ کردووە لە دەوڵەمەندو خاوەنکارەکان، یان هێزو لایەنێکی تر ئاراستەی دەکات، وەک ئەوەی ئێستا لە هەندێک لە کەناڵەکانی راگەیاندن روو دەدات. یان ئەگەر راگەیاندن دەربڕی واقیعێک بێت کە هاوولاتی بەڕاستی تیایدا دەژیو گوزارشت لەو بابەتانە بکات کە دۆزی سەرەکینو جەماوەر لە دەوری بابەتێکی هاوبەش کۆ بکاتەوە، بابەتەکە گرنگو کاریگەر بێت بۆ ئەو پرۆسە چاکسازییەی شۆڕشی یەنایر دەستی پێ کرد.

لەبەر ئەوە دەبێ سەیرکردن و گوێگرتن لە کەناڵی راگەیاندنو وەرگرتنی ئەو زانیاریانەی پێشکەشی دەکەن، وەرگر تێڕوانینێکی شیکارانەی هەبێتو بیرکردنەوەی هەبێت بەرامبەر بەو کەناڵانەو سەبارەت بەوەی بڵاویشی دەکەنەوە دەبێ ئەو دۆزو بابەتە گرنگانە بێت کە دواتر رای گشتی هۆشیارانەی خەلکی لەسەر دروست دەبێت، ئەو بابەتانەی دەبێ کاری لەسەر بکرێتو بەو ئاراستەیە ببێرێت کە هەموو هاوولاتییەکی میسر دەیخوازێتو هەموو ئەو بابەتانەی تر کە لاوەکینو ژیانی دیموکراسی پەک دەخەن وەلا بنێن بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی بەهێز لە هەموو رووەکانەوە بنیات بنرێت، کە لە رۆژی شۆڕشی گەلەوە هەنگاوی بۆ نراوە.

راگەیاندنو وروژاندن بە لایەنی باشەدا

راگەیاندن رۆڵێکی نەتەوەیی هەیە لە پێکهێنانی رای گشتی و خستنەرووی کێشە و بابەتە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکاندا، کە کۆی گشتی هاوولاتیان لە دەوری کۆدەبنەوە، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و

> راگەیاندنو وروژاندن بە لایەنی باشەدا راگەیاندن رۆڵێکی نەتەوەیی هەیە لە پێکهێنانی رای گشتی و خستنەرووی کێشە و بابەتە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکاندا، کە کۆی گشتی هاوولاتیان لە دەوری کۆدەبنەوە، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و مەعریفە و تێگەیشتن لای هاوولاتیان لە هەموو بوارەکاندا

مەعریفە و تێگەیشتن لای هاوولاتیان لە هەموو بوارەکاندا، لەبەر ئەوەی هەواڵ و زانیاری هەموو وڵاتانی جیهان دەگەیەنێتە وەرگرەکانی. ئەگەر راگەیاندن بەم شێوەیە کار بکات ئەوە راگەیاندنێکی باشەو کار بۆ هۆشیار کردنەوەی هاوولاتیان دەکاتو کۆمەڵگەش بەرەوپێش دەباتو وای لێ دەکات توانای شیکردنەوەو لێکدانەوەو بیرکردنەوەی هەبێتو ئەو واقیعەی هەیەو لە دەوروبەری دەگوزەرێ لەگەڵ ئەو وێنەیەی راگەیاندنەکان لە زەینیدا دروستی دەکەن بەراورد دەکات.

یەکێک لە پسپۆڕە گەورەکانی بواری راگەیاندن کە ناوی واڵتەر لیبمان-ە لە تیۆرەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامرازەکانی راگەیاندن هەمیشە شکست دەهێنن لەوەی جەماوەر ئاراستە بکەن بۆ چۆنێتی بیر کردنەوە، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو دەبن کە جەماوەر رێنمایی بکەن کە بیر لە چی بکەنەوە. بنەمای بیرکردنەوەو شیکردنەوە بەرامبەر بەو بابەتانەی ئامرازەکانی راگەیاندن بڵاوی دەکەنەوە شتێکە هەر دەبێ هەبێت، بۆ ئەوەی بزانرێ ئامرازەکانی راگەیاندن بە ئاراستەی ئەو بابەتە نیشتمانییە بنەڕەتییانە کار دەکەن، کە لە بەرژەوەندی زۆرترین هاوولاتیاندایە. لە کۆمەڵگەیەکی هۆشیارو رۆشنبیردا وەرگر بە تەنها پشت بە ئامرازەکانی راگەیاندن نابەستێ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، بەڵکو لە پاڵیشیدا دەخوێنێتەوەو هەوڵ دەدات لە باگراوەندی رووداوەکان تێ بگاتو ئاگادار بێت لە پشت ئەوەی کەناڵو ئامرازە جیاجیاکانی راگەیاندن بڵاوی دەکاتەوە چی دەگوزەرێ. ئامرازەکانی راگەیاندن ناتوانێ مرۆڤ ئاراستە بکاتو فێری بکات چۆن بیر بکاتەوە، بەڵام لە توانایدا هەیە سەرنجی بۆ بابەتێکی دیاریکراو رابکێشێتو کاربکاتە سەر تاكو ئاراستەی بکات بەرەو ئایدیۆلۆژیایەک، یان سیاسەتێکی دیاریکراو، ئەم ئاراستە کردنە بنەمای بیرکردنەوەو شیکردنەوە لای وەرگر رەت ناکاتەوە، واتە دەکرێ وەرگر ئاراستە بکرێت بەرەو بابەتێکی دیاریکاروو لە هەمان کاتدا بیرکردنەوەو شیکردنەوەشی هەبێت ئامرازەکانی راگەیاندن بابەتە گرنگەکانی بخاتە بەردەست بۆ گفتوگۆو لێکدانەوەی لە ناو جەماوەرداو لە ناو دەستەبژێریشدا بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە .

شیما مستەفا

چەوا کەس خوە پێش بێخت؟

گومان د وێ چەندێ دا نینە کو حەزا خوە پێشخستن و وەرارا تاکەکەس ل دەڤ هەر کەسێ هەیە، ئەڤە حەزەکا نە ئیرادی یە و ڕیشالێن وێ هەر ژ دایکبوونێ دەست پێ دکت.ل دەمێ ژ دایکبوونێ هەر چەندە هزر و بیر نینە بەلێ د هەولدانێن بەردەوام دایە پیخەمەت دەست ڤە ئینانا پێتڤیێن خوە یێن سەرەکی چ یاری بن یان خوارن و ڤەخوارن. خوە پێشخستن خالەکا گرنگ و پێتڤیەک سەرەکی یە د ژیانا هەر مروڤەکی دا و پێتڤیە بو جڤاکی ژی. ژ بەر کو جڤاک پێکهاتیە ژ مروڤان و پێنگاڤێن مروڤان جڤاکی پێش دئێخن یان پاشڤە دبن. هەڵبەت گەلەک رێک یێن هەین کو مروڤ بشێت خوە پێش بێخت ژ وانا خواندن و دویڤچوونا بەردەوام بو وەرگرتنا پێزانینێن جوراوجور و مفا وەرگرتن ژ لایەنێن جودا جودا یێن میدیایی. گەلەک ژ ڤان رێکا کێم دەم بو دڤێت و ب ساناهی ب دەست دکەڤن. نەزانین دەردەسەریەک مەزنە بو مروڤایەتیێ و گەلەک ئاریشەیان لگەل خوە پەیدا دکت و شوینوارێن خراب ل دویڤ خوە دهێلت لەورا خوە پێشخستن دبت ئەگەرێ نەمانا نەزانینێ و خوە ڕزگار کرن پێتڤیە بو هەر جڤاکەکی. وەرگرتنا زانینێ هەلبەت ل قوتابخانێ دەست پێ دکت و ئەڤە ئێکەم پێنگاڤە بەلێ زانین بتنێ ل قوتابخانێ ناهێتە وەرگرتن و زانین بتنێ ل قوتابخانێ ناهێتە دەست ڤە ئینان. پێتڤیە ب رێکا خواندنا پەرتوکان و بوراندنا دەمی ل جهێ تەلەفون و یاریان ڤە کەس خوە فێر بکت ب بابەتێن مفادار وەک فێربوونا زمانێن بیانی یان نڤیسینا بابەت و بوارێن دی و ئەڤە ژی نە بتنێ مفایی دگەهینت کەسەکی بەلکی مفادارە بو سەرجەم جڤاکی. هەروەسا کەسێن خوە پێش د ئێخن نە بتنێ دەرفەتی ددن خوە بەلکی رێزێ ددن کەسێن دی و سروشت و ئاژەلان و د ناڤ جڤاکی دا خودان بها و رێزن ژی. وەرگرتنا زانینێ د سەرجەم بیرە باوەران دا کارەکێ پێتڤی کریە ل سەر هەر کەسەکێ بێی جیاوازی .جڤاکێن خوە پێش نە ئێخن هەردەم هاتینە داگیر کرن ژ لایێ دوژمنان ڤە و هەردەم دژایەتی وان دهێتە کرن و هەردەم ئامانجێن ڤەکری نە و ب ساناهی دهێنە بن دەست کرن و کونترول کرن.ئەڤجا زانین ب خوە سەرکەفتنە نەک بو کەسی بتنێ بەلکی بو هەمی مروڤایەتیێ.

هەولێر ژمارە (٣٤٢٤) ٢٠٢١/٢/٢٢

له هێلینه‌وه

- له شـــاری قـــه‌ڵادزێ، لـــه ڕۆژی ڤالانتاین، باوکێـــک بێ گوێدانه لۆمه‌ی خه‌ڵک ده‌ســـتی کچه‌که گوڵفرۆشـــه‌که‌ی گرت و له شـــه‌قامی ســـه‌ره‌کی ئه‌و شـــاره یارمه‌تیدا بـــۆ ئه‌وه‌ی گوڵه‌کانی بفرۆشـــێت، ئه‌و باوکه پێیوایه که پێویســـته هاوکاری کچه‌که‌ی بکات بۆ ئه‌وه‌ی له پیشه‌که‌ی سه‌ربکه‌وێت و له دوارۆژدا ببێته خاوه‌نی سه‌رچاوه‌ی ئابووری خۆی.

- "ئه‌نگـــۆزی ئۆکونجو" یه‌کـــه‌م ئافره‌ت و یه‌که‌میـــن ئه‌فریقییه له مێژوودا که پۆســـتی ســـه‌رۆکی بازرگانی جیهانی پێده‌به‌خشرێت، "ئه‌نگـــۆزی" ته‌مه‌نـــی ٦٦ ســـاڵه و خه‌ڵکی نیجیریایـــه، ده‌رچـــووی به‌شـــی ئابوورییـــه لـــه زانکۆی هـــارواردی ئه‌مریکـــی، و ماوه‌ی ٢٥ ســـاڵ له بانکی جیهـــان کاری کردووه و دواتر لـــه ســـاڵی ٢٠٠٣ وه‌ک وه‌زیری دارایی نیجیریا ده‌ستبه‌کاربووه، هه‌رچه‌نده سه‌رۆکی پێشووی ئه‌مریکا"دۆناڵد ترامپ" بۆ وه‌رگرتنی ئه‌و پۆســـته دژایه‌تی ده‌کرد، به‌ڵام دواتر به هاوکاری "جۆ بایدن" ســـه‌رۆکی نوێی ئه‌مریکا ئه‌و به‌رپرسیاریه‌تیه‌ی پێبه‌خشرا.

- "فران گولدمـــن" ئافره‌تێکـــی ته‌مه‌ن ٩٠ ساڵه و خه‌ڵکی شاری "ســـیاتل" له ولایه‌تی واشنکتۆنی ئه‌مریکایه، ئه‌و ئافره‌ته به ته‌مه‌نه بـــۆ وه‌رگرتنی ژه‌مـــه ڤاكســـینی کۆرۆنا که ده‌بوایه لـــه کاتی خۆیدا ئاماده بێت زیاتر له ٩ کیلۆمه‌تـــر به پێ به هاتن و چوون ده‌بڕێت بۆ ئه‌وه‌ی له کاتی خۆیدا ژه‌مه ڤاكســـینه‌که وه‌ربگرێـــت، هه‌ڵبه‌ته ئه‌وه‌ش بـــه هۆی ئه‌و شـــه‌پۆله به‌فـــره زۆره بوو كـــه هه‌فته‌یه‌ک له‌مه‌وبه‌ر ئه‌و شـــاره‌ی گرتـــه‌وه و به‌و هۆیه ڕێـــگاکان داخرابـــوون، "فران" لـــه‌و باره‌وه ده‌ڵێت: من بۆ وه‌رگرتنی ڤاكسین شه‌و و ڕۆژ هه‌وڵمده‌دا که ناوی خۆم تۆمار بکه‌م، ئێستا کـــه کاتی هاتبـــوو بڕیارمدا لـــه کاتی خۆیدا ئاماده بم و ئه‌و ڕێگه دوژواره‌به پێ ببڕم.

- به پێی لێکۆڵینه‌وه‌کانی ده‌روونناســـی، ئـــه‌و دایکانـــه‌ی لـــه ناوه‌نـــدی دووگیانیدا تووشـــی نیگه‌رانی و دڵه‌ڕاوکێی به‌هێز ده‌بن، منداڵه‌کانیـــان لـــه دوای له‌دایک بـــوون، به گچکه‌یی یـــان به گه‌وره‌یی تووشـــی گرفتی کرداری ده‌بن، پزیشـــکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد له کۆتایـــی لێکۆڵینه‌وه‌که‌یانـــدا ڕایانگه‌یاند، که پێویســـته دایکان له کاتـــی دووگیانی له که‌شـــێکی ئارام و دوور له دڵه‌ڕاوکێ به‌ســـه‌ر به‌رن و ئه‌وه‌ش پێویســـتی به یارمه‌تی که‌سه نزیکه‌کان و به تایبه‌تی هاوسه‌ره کان هه‌یه که یارمه‌تیده‌ر بن بۆ ئه‌و مه‌به‌سته.

ئا:نه‌سرین حه‌سه‌ن

گەر خۆت بتەوێت

تریفه مه‌حمود

مـــرۆڤ گه‌ر خـــۆی بیه‌وێـــت ده‌توانێـــت ببێت به‌هه‌رشـــتێک که خۆی ده‌یه‌وێت،هه‌روه‌ها مرۆڤ کاتێک بڕیار له‌ســـه‌ر ژیانی خۆی ده‌دات که هه‌ر جۆرێک بێت،ئه‌وا ژیانی به‌و شێوه ده‌بێت. مرۆڤ کاتێک خۆی به که‌سێکی بێ توانا ده‌زانێت واته خـــۆی ده‌یه‌وێت ببێت به که‌ســـێکی له‌و جۆره، به‌ڵام کاتێک خۆی به که‌ســـێکی به‌هره‌مه‌ند و به توانا ده‌زانێت ئه‌وا خۆی ده‌یه‌وێت که که‌ســـێی وا بێـــت . بۆیه هه‌ر که‌ســـه‌و به‌ده‌ســـتی خۆی که‌سایه‌تی خۆی دیاریده‌کات نه‌ک هیچ شتێک و هیچ که‌سێکی تر.

هیـــچ مرۆڤێک له‌بنه‌ڕه‌تدا بێتوانا نیه‌و دیاری نه‌کـــراوه که ده‌بێت به‌چـــی، به‌لکو ئه‌وه مرۆڤ خۆیه‌تی که‌بڕیارده‌دات که که‌ســـێکی چۆن بێت و ببێت به‌چی به‌پێی هه‌وڵـــدان و بیرکردنه‌وه‌ی خـــۆی .مرۆڤ نابێت ڕێگه‌بدات که که‌ســـانی تر بڕیار له‌ســـه‌ر ژیانی بـــده‌ن و ڕێگه له هه‌وڵدانی بگرن و بیرکردنـــه‌وه‌ی بگۆڕن،چونکه مرۆڤ له بنه‌ڕه‌تدا که‌ســـێکی ئازاد و سه‌ربه‌خۆیه و ته‌نها خۆی به‌رپرسیاره له ژیانی خۆی. کاتێک مرۆڤ خۆی به‌که‌ســـێک ده‌زانێت که‌شـــایه‌نی ژیانێکی باش و ئازاده ئه‌وا ژیان به‌و شێوه‌یه ده‌بێت بۆی، به‌ڵام کاتێک که‌سانێک خۆیان به‌شایه‌نی ژیانێکی وا نازانن ئه‌وا که‌ســـانی تر ژیانێکیان بۆ دروست ده‌که‌ن که به‌بێ ویســـتی خۆیان بێت. به‌تایبه‌تی ئافره‌تانـــی ئێمـــه زۆربه‌یان کاتێـــک خۆیان به که‌سێکی بێتوانا ده‌زانن واته خۆیان بڕیاریانداوه که که‌سێکی وابن،که‌سێک بن که نه‌توانن به‌ته‌نها پشت به‌خۆیان ببه‌ستن و پێویستیان به‌که‌سانی تربێت بـــۆ ئه‌وه‌ی ڕێگه‌ی ژیانیان بۆ دیاریبکات، وه‌کاتێـــک خۆی به‌شـــایه‌نی ژیانێکـــی ئازاد و ســـه‌ربه‌خۆ نازانێت ئه‌وا ئه‌و ژیانه‌ی که‌که‌سانی تر بۆیان دروستکردوه ناچاری ده‌کات که هه‌موو ناخۆشی و ئازاری ئه‌و ژیانه قبوڵ بکات، چونکه خـــۆی بڕیاریداوه لـــه‌و ژیانه‌دا بـــژی که بۆیان دروستکردوه و خۆی به‌شـــایه‌نی ئه‌وه ده‌زانێت به‌هۆی بڕیاری خۆیه‌وه،زۆر جار ده‌گاته حاڵه‌تی قبوڵ کردنی لێدان و ئه‌شـــکه‌نجه‌ی جه‌سته‌ی و ده‌روونی. هه‌تا وای لێدێت که‌سه‌که چیتر توانای ته‌حه‌مولکردنـــی ئه‌و ژیانـــه‌ی نامێنێت و له‌باتی ئه‌وه‌ی بگه‌ڕێت به‌دوای ڕێگه‌یه‌ک بۆ گۆڕینی ژیان و دۆزینه‌وه‌ی ئه‌و ژیانه‌ی که شایه‌نییه‌تی ده‌چێت ڕێگه‌یه‌کـــی زۆر لاوازانه و هه‌ڵه هه‌ڵده‌بژێرێت که ئه‌ویـــش بیرکردنه‌وه‌یه له خۆکوشـــتن و کۆتای هێنان به ژیان، هه‌ر بۆیه من لێره‌وه هانی هه‌موو مرۆڤێک به‌تایبه‌ت ئافره‌تان ده‌ده‌م که باشـــترین ژیان به‌شـــایه‌نی خۆیان بزانن و نه‌هێڵن که‌سانی تـــر جۆری ژیانیان بۆ دیاری بکه‌ن وه هه‌میشـــه خۆت به‌که‌ســـێکی به‌توانا بزانـــه و به‌رده‌وام به له هه‌وڵدان بۆ گه‌یشـــتن به‌وه‌ی که‌ده‌ته‌وێت بۆ باشترین ژیان .

دڵنیا دڵشاد

یه‌که‌م ئافره‌تم له‌که‌رکوك کرێکاری و شۆفێری شۆفڵێم کردووه

له‌دێری زمانه‌وه ئافره‌تی کورد شان به‌شانی پیاوان کاریان کردووه ئه‌مه به‌ده‌ر له‌ئه‌رکی ناو ماڵ وخێزان کاری ده‌ره‌وه‌یانیش کردووه له لادێ شارو شاروچه‌که‌کان. دڵنیا دڵشاد ته‌مه‌ن ٣٦ســـاڵ دانشـــتوی ئیمام قاســـم گه‌ره‌کی ئینزباتی کونی شاری که‌رکووک .

خـــاون ٢مناڵه بی هاوژینـــه .به‌ڵام وه‌کو خۆی ده‌ڵێت له ژیانی مناڵیمه‌وه ده‌ســـتم کـــردووه به‌کارکردن، له ئاو فروشـــتنه‌وه ده‌ســـتم پێکـــردووه هـــاوکات چه‌ندیـــن کارمکـــردووه وه‌کـــو کرێـــکاری چایچیتی شوفێری شـــۆفڵیم کردووه کاری مندوبیم کـــردوه وکاری نانه‌وایم کـــردووه، به‌در له کاره‌کانی خۆمیش خولیا وئاواتی وه‌رزشیم هه‌یه ویاریزانی تایکواندۆم

دڵنیا دڵشاد ئیســـتا له گه‌ره‌کی په‌نچا عه‌لی شـــاری که‌رکوک خاوه‌نـــی دووکانی نانه‌وایـــه و نانی به‌یانیـــان ئاماده ده‌کات. ســـه‌باره‌ت به‌م کاره‌ش ده‌ڵێـــت: به‌یانیان به‌ماتۆرســـکیل کاتژمێـــر (٥)به‌یانی دێمه دووکان و دووکان ده‌که‌مـــه‌وه و چـــای لێ ده‌نێـــم و هه‌روه‌ها نانیـــش ئاماده ده‌که‌م .ئیـــدی کاتژمێر ٧بۆ ٨ کرێکار دین بۆ نان ونـــان خواردنی به‌یانی، من یه‌که‌م ئافره‌تم له‌که‌رکووک که ئه‌م کاره ده‌که‌م واته هه‌م نـــان ئاماده ده‌که‌م و نانـــو چای به‌یانیان ئاماده ده‌که‌م.

دڵنیا دڵشاد باســـی مناڵه‌کانی ده‌کات و ده‌ڵێت من به‌یانیان مناڵه‌کانیشم له‌گه‌ڵ خۆم دێنم بۆ ســـه‌رکار چونکه که‌ســـم نیه چاویان لی بێت، کارده‌که‌م بۆئه‌وه‌ی بتوانم چاودێر مناڵه‌کانم بکه‌م و پێداویستیه‌کانیان بۆ دابین بکه‌م. ســـه‌باره‌ت بـــه هاوکاری کردنـــی دڵنیا ده‌ڵێت مـــن زۆر که‌س هه‌یه ده‌یانه‌وێـــت یارمه‌تیم به‌ده‌ن بۆ ئه‌وه‌ی کار نه‌که‌م، بـــه‌ڵام من یارمه‌تـــی که‌س قبوڵ ناکه‌م و قبوڵیشم نه‌کردووه، ئه‌مه‌وێت خۆم کاربکه‌م و به‌رده‌وامیش ئه‌بم.

ئا: ئارین عه‌بدولخالق

ناسک سه‌عید
Nask.saeed@helinmedia.org

شه‌یما مسته‌فا
Shayma.mustafa@helinmedia.org